# شیوەنی دوای هەڵبژاردن

عەلی مەحمود محەمەد

هەموو خەریکی سەیرکردنی ئەو مەهزەلە ئاست نزمەین بە ناوی بانگەشەی هەڵبژاردن لە کوردستان دەگوزەرێت, قسەکەرەکان هەموو بێ بەرنامەن, مام ڤاندام لە چاویانەوە چومسکییە, تەنها کاندیدی کابرای قەبرستانەکە بۆ هەڵبژاردن بەرنامەی هەیە, ئەویش قەبرمان بۆ دوای ژیان پێشکەش دەکات, ژنیشمان کاتێك بۆ دێنێت رۆژی 3 جار لە چیای هەڵگورد سەرکەوین, ئەوجا دەبێت شەو بدەینە دەم رۆژەوە, هەناسە دانیش تەرك بکەین, چونکە کاتەکە هێشتا بەش ناکات ئەگەر بە هەڵوەڕەش سەرکەوین, دووجاری پڕ ناکەینەوە.

بیست رۆژی خۆشمان بردە سەر, نمایشەکان گاڵتە جاڕی بوون, جنێوی کۆمێنتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لە جوتکەکان خۆشتر بوون.

نەنکم یادی بەخێر زۆری لە ژیان بینیبوو دەیووت دوای هەموو پێکەنینێك گریان هەیە, منیش ئەو ترسەم هەیە و دەمەوێت لە سیناریۆکانی گریانی دوای هەڵبژاردنەکەوە دەست پێبکەم.

روژ 21ی ئۆکتۆبەرە, خەڵك هێشتا زۆرینەی مۆری مەرەکەبی دەنگدان بە پەنجەیانەوەیە, وردە وردە سندوقەکان گەڕاونەتەوە بۆ ئەلبیسەو سایلۆکە, هەندێك گەنج بەردەم ئەو جێگایانەیان گرتووە بۆ داکۆکی لە دەنگەکانی ئێمە, لە سەرەوەش بنەماڵە نا سیاسییەکان کە هەڵبژاردن بۆ بەش و پشکی ئەوان کراوە, خەریکی سات و سەوداو پەیوەندیکردنن, هەیە بە بەشی خۆی رازییەو هەشە ناڕازییە, هەندێك سیاسیش کە پێشتر هەڵتۆقیبوون, مام خدر رووسی لە تەنیشت بارەگاکەی خۆی ریزیان دەکات و دەیانکاتە رەقەم, ئاخر ئەو کەسانەی هیچ بیروباوەڕێکیان نەبێت و ئەلتەرناتیفی گونجاوی ئێران و تورکیا نەبن, چەندە خۆیان لێ گەورە بووبێتەوە, لە تاقیکردنەوەی وادا یەکجار شانسیان دەبێت تاقیبکەنەوە, کە کەت وەك هەولێرییەکان دەڵێن ئیتر هەڵساندنەوەی موستەحیلە.

دوو سیناریۆ

هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی دیالەو موسڵ و کەرکووك دێت کە تەرزێکی دیکە لە سیناریۆی سیاسی هێنایە پێشەوە, سیناریۆیەك لە مەتبەخی ئێران ئامادە کرابوو, دووریش لە جوگرافیاو ناوەندە شەرعییەکان یەکلا کرانەوە, تیایدا لە هەرسێکیان تورکیا تورِ درایە دەرەوەی دەسەڵاتز

ئەم هەڵبژاردنە بەشێوەی سەرەکی نەك هەموو, ململانێی گەل و نا گەل نەبوو, ململانێی بنەماڵەکان بوو لە سەر نوێنەرایەتی ئێران و تورکیا لە کوردستان, بۆ وەکالەت وەرگرتن بوو, ململآنێ بوو بۆ پشکەکانی ئێران و تورکیا لە هەرێمی کوردستان.

تورکیا سێ برین لە جەستەیەتی, دیالەو موسڵ و کەرکوك, دەرکردنی لە هەولێرو دهۆك تەڵقەی رەحمە بۆ ئەو لە عێراق کە زیاتر لە چوار سەدە لە ژێر هژمۆنیای ئەودا بووە.

هەر یەکێك لەو دوو وڵاتە چەند هێزێکی سیاسی نوێنەرایتییان دەکەن, پارتی و یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامی نوێنەری تورکیان و ینك و هەولۆێست و کۆمەڵ و گۆرِانی گەرِەکی گردەکە و سۆسیالستیش نوێنەرایەتی ئێران دەکەن, تەنانەت کریستان و تورکمانیش بە مەبدەئی مونا قەهوەچی خۆشناو و شێخ رەیانی کۆنە کلدانی و ئیسلامی شیعە مەزهەبی ئێستا کە نوێنەرەکانیان بە دەنگی زێرەڤانی و لیوا تایبەتەکان کە ناویان پێشمەرگەیە هەڵدەبژێردرێن, ئەوانیش دابەش بوونە بەسەر ئەو دوو وڵاتە, بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری و رێکخراوی کلدۆ ئاشوری و بەرەی تورکمانی زەقەی چاویان دێت, دەمیان بە کورسییەکە ناگات کە بە ناویانەوە دیاریکراون, ینك بەشی خۆی لە کورسی کەمینەکان وەرگرت ئیتر باسی جیاکردنەوەی لیستی دەنگدەران و شتی وا ناکات, ئەوانیش لەسەر مەبدەئی موناو رەیان دابەش دەبن بەسەر ئێران و تورکیا.

یەکێك لە ئەگەرەکانی ئەنجامی هەڵبژاردن دووبارە کردنەوەی سیناریۆکەی کەرکووکە, بەوەی ئێرانییەکان هێزەکانی سەر بە خۆیان ببەنە بەغدا, کاتێك توانیان 53 کورسییەکە تەواو بکەن, لەوێوە دوور لە ژاوە ژاوو حکومەت پێك بهێنن و پارتی ئاوت کەنەوە بۆ چوارەم جار, هەرچەندە هێشتا دوو هێزی وەك نەوەی نوێ و گەل خۆیان لەو هاوکێشە سیاسییە یەکلا نەکردۆتەوە, بەڵام ئەوانە هێزی لچتقن بە هەر لایەکدا بکەون دوور نییە, یان پارچەی گەورە گەورەیان لێ ببێتەوە, ئەم سیناریۆیە دوو لەمپەری گەورە لە بەردەمیدایە بۆ سەرکەوتن:

تورکیا و ئەمەریکاو ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو رێگا بەم سیناریۆیە لە ئێستادا نادەن, چونکە دۆڕانی ئەوانیشە لە ناوچەکەو دەبێتە ئینتلاقی عێراقێکی شیعەی ئیسلامی, دژ بەم سیناریۆیە بۆ ئەم مەبەستە هێزەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان, لە حالەتی وا دا ئەگەری هەیە تا دێگەڵە بێت, هەروەها هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك لە رووی ئیدارییەوە بە دەست پارتین, هەڵبژاردنەکە بۆ ئیدارەی ناوخۆیی نییەو لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئەم سیناریۆیە هەموو ئەگەرێك هەیە, تەنانەت روداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرو 31ی ئاب دووبارە ببنەوە بە شێوە کۆنەکە یان شێوازی نوێ.

پارتی هەوڵی دا لە گەڵ ئێران پەیوەندی ئاسایی بکاتەوە, چونکە پشتیوانییە نێودەوڵەتییەکەی چەندە بەهێز بێت, کارایی ئێرانی نابێت لە بەغدا, لەوێوە پەنجە ی خستۆتە بنا قاقای, لەبەر ئەوەی دەست بەرداری تورکیا و ئیسرائیل و ئەمەریکاو خەلیج نەبوو, بۆیە دوای سەفەرە سەرکەوتووانەکەی نیچیر بارزانی ئەوجا لە کەرکوك ئێران پشتی پارتی شکاند و روحی دڵی لە دڵی کوردستان هەڵکێشا و دای بە زەوییا, شایی سەفەرە سەرکەوتووەکەی لێ کرد بە شین.

وەك دەبینین دانیشتنەکان میوانخانەی بابل لە بەغدا چەندە نا دەستووری بێت بەرەی تورکیا هەر دەبێت زوڕنا لێبدەن, تانەکان لەناو تەنەکەی زبڵەکەن, دادگاکان سیاسین و بە ئیعازی کیلابییەکان کار دەکەن نەك ناوەڕۆکی دەستوور, دەسکەوتەکان خوداوەندی پیرۆزن.

دەست بردن بۆ ئەم سیناریۆیە لەم قۆناغەدا بۆ ینك زۆر مەترسیدارە و ئەگەری سیناریۆی چەشنی 31ی ئابی هەیە, زیانەکەی زۆر لە قازانجەکەی زیاتر دەبێت, رازی نەبوونیش بۆ پارتی ئەگەری دووبارە بوونەوەی سیناریۆی پەلاماری هەمە لایەنەی سەربازی هەیە لە لایەن عێراقەوە بەناوی چەسپاندنی شەرعیەت.

سیناریۆی دووەم گونجاوترە بۆ هەردوو لایان, ئەویش رێککەوتنە لە سەر کابینەی نوێ و بەردەوامیدان بە بارودۆخی حازر, بێشك حکومەتە کۆنەکە دەڕوخێنن, حکومەتێکی نوێ لە خۆیان و خۆیان دوور لە گۆڕان و سۆسیالست پێك دەهێننەوە, هەم یەکێتی دەیڕوخێنێت , هەم پارتیش بە دانانەوەی مەسرور بارزانی ناتوانێکەی سەر دەگرێت, بە بەشداری شەریکی نوێ یاخود هەر کۆنەکان , بەڵام ژمارەکەی دەگۆڕن لە کابینەی نۆوە بۆ کابینەی دە, ئاڵوگۆڕیش بە پۆستە سیادییەکان دەکەن, بەشی بنەماڵەکان زیادو کەم دەکات.

ئەوانەشی قوڕگیان لە گەڵ هاوار دڕا, ئیسراحەتیان نەکرد بە جرت و فرتی ئەم شارەو ئەو شارە, وێنە سێلفییەکانیان بۆ یادگاری بۆ دەمێنێتەوە..تاس و حەمامی جارانیش دووبارە دەبێتەوە.

009647503714620